ئەوەی بانگەشە بکات بۆ هیدایەت وچاکەکاریەک، ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەوانە وایە کە شوێنی دەکەون -کردەوەی پێ دەکەن-، وئەمەیش هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم ناکاتەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بانگەشە بکات بۆ هیدایەت وچاکەکاریەک، ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەوانە وایە کە شوێنی دەکەون -کردەوەی پێ دەکەن-، وئەمەیش هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم ناکاتەوە، وئەوەی بانگەشە بکات بۆ گومڕاییەک، ئەوا تاوانی لە سەرە بە هێندەی تاوانی ئەوانەی کە شوێنی دەکەون، وئەمەیش هیچ لە تاوانی ئەوان کەم ناکاتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەوەی بە قسە وکردەوە ڕێنموێنیکار وڕێنیشاندەر وهاندەری خەڵکی بێت بۆ سەر ڕێگایەك کە هەق وخێری تێدایە، ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەوانەیە کە شوێنی دەکەون بەبێ ئەوەی هیچ لەپاداشتی شوێنکەوتووان کەم بێتەوە. وئەوەی بە قسە وکردەوە ڕێنموێنیکار وڕێنیشاندەر بێت بۆ ڕێگایەك کە پوچەڵ وخراپەی تێدایە لە شەڕ و تاوان وگوناە یان شتێك حەڵاڵ نەبێت، ئەوا تاوانی لەسەر دەنووسرێت هێندەی تاوانی ئەوانەی شوێنی دەکەون بەبێ ئەوەی هیچ لە تاوانی شوێنکەوتووانی کەم بێتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3373